# جەللاد!

سەرکەش / ئوپسالا/ سوید

**بۆ قوربانییانی زیندان وگرتووخانە پڕلە جەزربە جەستەیی و دەروونییەکان، لە هەر کوێیەکی ئەم دونیایەبن!**

لە هەر سات و سەردەمێک بێ
لە هەر گۆشەو کنارێکی ئەم دونیایە
جەللاد هەر جەللادە

*** ***

جەللاد
نێر بێ
مێ بێ
یا نێرەمووک
هەر جەللادە

*** ***

جەللاد
ڕەنگی پێستی
ئەگەر سپی بێ،
ئەگەر ڕەش بێ،
ئەگەر سوور بێ،
ئەگەر زەرد بێ،
یا لە هەر
ڕەگەز و
تیرەو
تۆرەو کلتورێک بێ

هەر جەللادە

*** ***

جەللاد
لەهەر بەرگ و پۆشاکێک بێ
لەهەر چین و توێژێک بێ
یا بەهەر
زارا وەو زمانێک
بئاخڤێ
هەر جەللادە

*** ***

جەللاد
لەهەر
ئایین و
ئایین زاو
لە هەر
مەزهەبێک بێ
یا هەر ئایدیاو
ئایدۆلۆژیاو
بیر و بۆچوونێک
پەسەندکا
هەر جەللادە

*** ***

جەللاد
نەخوێندەوارو نەزان بێ
گەمژەو حۆل و
هێر و دەبەنگ
یا زۆرزان و

لێزان و
خوێندەوارێکی بەتوانا
هەر جەللادە

*** ***

جەللادەکان
دلیان
لەبەردو ئاسن
ڕەق تر
دەم و دوویان
لەبەفرو شەختە
ساردتر
گفتوو لفتیان
لەژەهرو ژان و
مەرگ تالتر

*** ***

جەللادەکان
کۆیلەن
دیلی
دەسەلاتن،
چەک و
ئامێرو
ڕۆبۆتی دەسەلاتن
جەللادەکان
تاوانبار و
تاوانکاری ڕاستەقینەی
ڕێ پێدراوی
دەسەلاتن

*** ***

جەللادەکان

مرۆی نەخۆش

لەهەست و

نەست و

ویژدان

داماڵراو

جەللادەکان

تەنیا

میتۆدێک

دەزانن

ئەمیش لێدان،

ئەمیش هەڕەشە،

ئەشکەنجە،

ئەمیش

تۆقاندن و

کوشتن!!!!!!! 200060305



a_sarkash@hotmail.com